## شیعری حاجی سەلیم خان (حاجی سەرتیپ)

## لە وەڵامی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

خەریکی ساغکردنەوەی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و هەڵەبڕیی شیعرەکانیم. تووشی ئەم پارچە شیعرە هاتم کە بە ناوی *'حاجی سەلیم'* ەوە لە پەراوێزی شیعری

*"خزمینە، مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا*

*مێروولە نەچێ چاکە بەگژ قوشیی قافا"*

ی شێخ ڕەزا، لە دیوانی چاپی مامۆستا شوکور مستەفادا چاپ کراوە (1). هەستم کرد شیعرەکەم پێشتر بینیوە و ناوی ئەو سەلیم خانەشم بیستووە. شکم بۆ ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی لای موکریان چوو لەبەر ئەوەی شیعرەکە باسی شەڕی موکری و جاف دەکات. چوومە سۆراغی کتێبێکی ڕێزدار ئیرەج ناهید کە سەبارەت بە بنەماڵەی خۆیان واتە فەیزوڵلابەگییەکانی نووسیوە (2).

شیعرەکەم لەوێدا دۆزییەوە و لەبەراوردکردندا هەندێک جیاوازیم لە ناویاندا بینی. بۆ نموونە، فەردێکی عەرەبی لە دەقی چاپی کاک ئیرەجدا هەبوو و لەویتردا نەدەبینرا.

دیارە کێشەی ڕەوەند و نیشتەجێ کە لەو سەردەمانەدا هەبووە ئێستا بەختەوەرانە نەماوە و بۆتە بەشێک لە مێژوو. هەربۆیەش شیعرەکە تەنیا وەک لاپەڕیەکی مێژووی ئەدەبی گەلەکەمان سەیر دەکرێت و من بەهۆی ڕەوانی و پاراویی زمانی شاعیرەوە - کە شان لەشانی شیعرەکەی شێخ ڕەزا دەدات، لێرەدا دەیهێنم.

حاجی سەلیم خان، کوڕی ئاغا شێربەگ و باوکی حاجی عەبدولڕەحمان بەگی ئێلخانی بووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە وسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە گوندی *'سڵێمانکەندی بەشی بەگزادە'* ژیاوە - کە گوندێکی خۆشە لە نزیک 'سەرا' و پێشتر سەربەبۆکان بوو بەڵام ئێستا وەک بەشێک لە دیهستانی تورجان لە سەر سەقزە.

دەقی چاپی دیوانی شێخ ڕەزا وەک پاشماوەی کتێبەکە هەڵەی زۆری تێکەوتووە ومن ئەوانی زەق و ئاشکراییم ڕاست کردۆتەوە:

نەتبیستووە چەندساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا

هەر *'جاف'* ە چووە نووکی ڕمی *'موکری'* بەنافا؟

تیپی عەدوو وەک پۆلی قوڵینگ، ئەو وەکوو شمقاڕ

تێکی دەشکاند یەک یەکە، ئەیخست لە مەسافا

*"شێخ"* بێ خەبەرە لەم قسە مەشهوورە لە ئافاق:

حەربە و ڕمی ئەم بوو کە بەجێ ما لە غیلافا

هەر ئەو کوڕە جافەیش بوو لەبەر چووپی دلێران

ناڵینی دەهات هەروەکوو بووکێک لە زەفافا

زۆرکەس لە جەوانانی ئەوان بوو بە ئەسیر هات

دەست بەستە و تەن خەستە و گەردن لە تەنافا

چاک وایە نەکا مەتحی ئەوان نەک بڵێ مونسیف

ئەم مەتحە کە فەرموویەتی *"شێخ"* ، لاف وگەزافا

بۆ مەدحەتیان کافییە *"شێخ"* بێت و نەزەرکا

مەعلوومە کە مەعنای لە لۆغەتدا هەیە *"جاف"* ا.

ئەوەی خوارەوەش دەقی چاپکراوی کتێبەکەی کاک ئیرەجی ناهیدە لە لاپەڕە 67 و 68 ی کتێبی *"نظری به خانواده عبدالرحمان بیگ مکری"* دا. من هەندێک هەڵەی ئەم دەقەشم ساغ کردۆتەوە بەڵام میسراعی یەکەمم سەرەڕای ناتەواوبوونی کێشەکەی، وەک خۆی هێشتۆتەوە لەبەر ئەوەی بە ناوی *"شێخ"* دەست پێدەکات بەڵام دەقی پێشوو بە ڕاشکاوی ناڵێت ڕوی لە کێیە.

فەردی دووهەم کە ناوی *'حاجی سەلیم خان'* یشی تێدا هاتووە، لە دەقی یەکەمدا نییە بەڵام لە شێعرەکەی شێخ ڕەزادا میسراعی یەکەمی بەناوی *'وەسمان پاشا'* وە دەبینرێت و میسراعی دووهەمی عەینوبیللا وەک دەقی یەکەمە. وێدەچێت حاجی سەلیم خان تێهەڵکێشێکی لە شیعرەکەی شێخ ڕەزا دروست کردبێت و ناوی خۆی خستبێتە جێی ناوی وەسمان پاشا. یاخود کەسێک دواتر ئەم کارەی کردبێت.

فەردی چوارەم لە دەقی کاک ئیرەجدا نییە و لە ئەنجامدا، فەردی پێنجەمی کردۆتە فەردی چوارەمی خۆی. فەردی پێنجەم عەرەبییە و لە دەقی ناو دیوانەکەدا نابینرێت. گرنگی ئەم فەردە عەرەبییە لەوەدایە کەرەچاوی شێخ ڕەزای کردووە وا لە شیعرەکەی خۆیدا فەردێکی عەرەبی هێناوە و ئەمیش بە هەمان مامۆستایی و ڕەوانی، فەردێکی عەرەبی هۆندۆتەوە.

ئەوەش دەقی شیعرەکە لە کتێبی کاک ئیرەجی ناهید دا:

"شێخ" نەیبیستووە چەندساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا

هەر 'جاف' بوو دەچوو نووکی ڕمی 'موکری' بەنافا؟

حازر نەبوو ئەودەم کە بە ڕم حاجی سەلیم خان

دەیکرد جەوەلان هەروەکوو سۆفی لە تەوافا

تیپی عەدوو وەک پۆلی قولَینگ، خۆی وەکوو شمقاڕ

تێکی دەشکاند یەک یەک و دەیخست لە مەسافا

هەر وا کوڕە جاف بوو کە لەبەر حەربی دەلێران

ناڵینی دەهات هەروەکوو بووکێ لە زەفافا

یرمون من الیأس فلاتا و جبالا

یکنون من الروع شحافا و کنافا

زۆرکەس لە جەوانانی ئەوان بوو بە ئەسیر هات

دەس بەستە و تەن خەستە و گەردەن لە تەنافا

چاک وایە نەکا مەدحی ئەوان، نەک بڵێ مونسیف

ئەم مەدحە کە فەرموویەتی"شێخ" ، لاف وگەزافا

بۆ مەدحی ئەوان کافیە"شێخ" بێت و نەزەرکا

مەعلوومە کە مەعنای لە لۆغەتدا چییە "جاف"ا.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە حاجی سەلیم خان باوکی "گەنجاڵی بەگ" بووە و من لە بەشی 56 ی ئەم ووتارانەدا پارچەشیعرێکی گەنجاڵی بەگم هێناوەتەوە کە کاتی خۆی ڕێزدار محەممەدی مەلاکەریم لە گۆڤاری بەیاندا چاپی کردبوو.

روونکردنەوەیەک:

دۆستێکی بەڕێز کە خۆی لە فەیزوڵلابەگییەکانی دەوروبەری سەقزە ئەمڕۆ (2010/09/25) بە تەلەفون پێی گوتم قسەی ئەوە دەکرێت کە گوایە حاجی سەلیم خان شاعیر نەبووبێت و ئەو شیعرانە مەلایەکی پێش نوێژی مزگەوتی تیکانتەپە گوتبێتنی. من بەو دۆستەمم گوت باشە کە لە کتێبەکەی کاک ئیرەج دا پارچە شیعرێکی دیکەی حاجی سەلیم خانیش چاپ کراوە و ئەوە وا دەگەیێنێت کە ناوبراو شاعیر بووبێت. لە وەڵامدا گوتی من نامەوێت لە سەر مەسەلەکە سوور ببمەوە و هیچ بەڵگەیەکیشم بۆ قسەکەم نییە جگە لەوەی لەخەڵکم بیستووە دەڵێن کارەکە وا بووە و ئەگەر قسەکە بۆ یەک پارچە شیعر

ڕاست بێت، ئیتر دەکرێت لە جیاتی ئەو، دوان و سیان لە شیعرەکانی مەلای ناوبراوی بە ناوی خۆیەوە کردبێت.

سەبارەت بە ناوی مەلاکەی تیکانتەپە، برادەرەکەم گوتی *"مەلا ئەحمەد"* بوو و لە بەشی باخچەی شاعیرانی "مێژووی ئەدەبی کوردی" مامۆستا عەلائەددین سەجادیشدا ناوی هاتووە، ژمارەکەشی لەو کتێبە و لەو بەشەدا 116 یە. من سەیری کتێبەکەم کرد، لە لاپەڕە 543 و لە ژێر ژمارە 116 دا ناوی *"حاجی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا سەعیدی تیکانتەپەی موکری"* م بینی و ئەو دێرە کورتەی مامۆستا سەجادیشم خوێندەوە کە نووسیویە ناوبراو *"هاودەورەی شێخ ڕەزا بووە"*. بەگوێرەی زانیارییەکیش کە ئێستا لەبەردەست هەمواندایە، شیخ ڕەزا لە 1909 یا 1910 دا کۆچی دوایی کردووە.

دواقسە: من سەبارەت بەم باسە ناتوانم هیچ بڵێم و بە ئەریٚ و نەریٚ بۆی لە مل نادەم. بەڵام وەک ئەرکێکی ئاسایی کاری توێژینەوە، نەدەبوو چاو لەو هەواڵە بپۆشم کە لەو برادەرە بەڕێزەم بیست و هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکەم. ئەوەش کە ناوی حاجی سەلیم خان لە فەردی دووهەمی شیعرەکە (چاپی کاک ئیرەج) دا هاتووە، ڕەنگە سووکە پەسندێک بێت بۆ بۆچوونی برادەرەکەم، لەبەر ئەوەی ئەگەر حاجی سەلیم خان شیعرەکەی گوتبایە ناوی خۆی لە کۆتاییەکەیدا دەهێنا نەک لەو شوێنە و ناوبردەکرانی لە فەردی دووهەمدا نیشاندەری هیچ نییە جگە لەوەی بەشداری شەڕی موکری لەگەڵ جافەکان بووبێت. بەڵام بەو ڕاستییەدا کە گەنجاڵی بەگی کوڕی حاجی سەلیم خانیش شاعیر بووە و من لە سەرەوەتردا باسم لێکرد، بڵێی نەتوانین بڵێین شیعر و شاعیری لە بنەماڵەکەدا هەبووە و کوڕ میراتی باوکی پێ براوە؟ دیارە پێویست ناکات کوڕی شاعیرێکیش وەک باوکی شاعیر بێت، بەڵام ئەو پەیوەندییە خاڵێک بوو بە زەینمدا هات و نەدەکرا ئاماژەی پێ نەکەم.

---

1. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی؛ ساغ کردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا؛ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس؛ هەولێر 2000؛ کوردی.

2. ایرج ناهید؛ "نظری به خانواده عبدالرحمان بیگ مکری"؛ ناشر؟؛ سال؟؛ فارسی.